لاپەڕەیەك لە مێژووی كۆنی كوردستان

زبیر بلال اسماعیل

مەننائیەكان یەكێك بوون لەو كۆمەڵەو نەتەوانەی كە لە كۆنەوە لەگەڵ چەند نەتەوەیەكی تردا لە چیاكانی زاگرۆس(١) نیشتەجێ بووبوون ، ئەوەندە هەیە تا ئێستە نەزانراوە ئایا ئەم نەتەوەیە لە كەیەوە لەو هەرێمـــەدا جێگیربوون .. بەڵام وەك دەردەكەوێت وڵاتەكەیان یەكێك بووە لەو دەوڵەوتەئێرانیە كۆنانەی كـــە بـــە (pre – Iranianstate) ناسراون . كە توانیویانە زۆر بە ناوچەكانی دەوروبەری ئۆرمیـــا بگرنەدەست .. دووای ئەوەی مەننائیەكان بێ‌هێـز بوون‌و كە توانای ئەوەیان نەما خۆیان راگرن ، ئـەو دەوڵەتانەی كە دراوسێی بوون چاویان بڕیـــە وڵاتەكـــەیان‌و دەستی تەماعیـــان بۆ درێژكردو زۆر ناوچەیان لێ داگیر كرد ، لەبەر ئەمە رۆژ دووای رۆژ بەرەو كەم‌بوون هـــەڵ‌ئەكشا ، تا لە ســەردەمــی (سەرجۆنی ئاشوری ٧٢١ – ٧٠٥ پ . ز) دا ، بـە تەواوی ســـەرنوگوم كرا . لـــە دووەم پەلامـــارە بەناوبانگەكەی (سەرجۆنی دووەم) دا كە لە سـاڵی (٧١٤ پ . ز) بوو ، باسی مەننائیەكان ئاشكراو روون‌كراوەتەوە كە پادشاكەیان لەگەڵ ئاشوریەكان‌دا هاوپەیمان بووە ، وە لەكاتی دەست درێژی‌كردنی دەولەتە دراوسێ‌كانیا بۆ سەر وڵاتەكـــەی پەنای بردۆتە بەر (سەرجۆن) بۆ ئـــەوەی لە دەستیان‌بێ پارێزێت . ئەو ناوچەیە كـــە لـــە ژێر حكمڕەوای مەننائیەكان دا بوو گەلێ بە پیت‌و بەرەكەت بوو ، مەڕومالاتێكی زۆری هەبوو ، هەروەها گـــەلێ كانی مەعدەنی تیا هەبووە ، لە بارەی ئازوقەو خواردەمەنی‌و سازدانی تفاقی لە شـــكرو هەموو پێویستی‌یەكـی ژیانەوە بە ناوبانگ‌بووە ، بۆیە هەر پاشایەكی ئاشوری كە پێ‌ی‌كرابێ بەسەر شاخەكانی زاگروس‌دا دەربازو ئاوابێ لەو سەرەوە كـــە گەڕاوەتـــەوە پڕ بە بارو بارخەنەو دەسكەوت‌و تالانەوە هاتۆتەوە . بـــەڵام پەلاماردان‌و هێرش بردن بۆ سەر ئەو وڵاتە بـــە سووك‌و ئاسانی تەواو نەبووە ، وە بۆ كەم دەوڵەت لواوە ، چونكە لە كاتی بەرەنگاری كردنی داگیركەراندا، وە نەبێ تەنها نیشتەجێ‌كانی ئەو ناوچانە كە لە دەورو بەری دەریاچەی (ئورمیا)دا دەســـت بەخـــەی داگیركەران راووستابن بەڵكو ئەو نەتەوانەش كـــە هەمیشە چاویان بڕیبووە خەیراتەكەی لە هەمـــان كات‌دا بەرەنگاری داگیركەران ئەبوون ، واتە ئـــەو نەتەوانەی كە هاوسێ‌ی بوون وە كە لە رۆژهەلات‌و ســـەرووی رۆژئاوایەوە بوون دووبارە بەرەنگـاری داگیركەرانیان دەكرد . ئەم بەرنگاریەشیان لەبـــەر خاتری چاوی كاڵی (مەننائیەكان) نەبوو بەڵكو لەبەر ئەوەبوو كە حەزیان لەوە نەبوو ئاشوریەكان ببن بـە هاوسەریان لە زەوت كردنی خـــەیرو بێری وڵاتی مەننائیەكان‌دا ، ئەو نەتەوانەی كە لەگەڵ (ئاشوریەكان) دا ملی ملانێ‌یان دەكرد ، یەكەم : **وڵاتی (ئارارتو)(٢) بوو كە خەلكەكەی بە ئازاد شەركەر ناویان دەركردبوو ، دووەم : چەند نەتەوەیەكی تازە پێ‌گەیشتوو بوون كە لە سەردەمی (سەرجۆن) دا بە (زگرتو – زەگورتیەكان) دەناسراون كە ئەمانەش وەچێك بوون(٣) لە خێڵەكانی ئێران .. و كە لەسەردەمی (شلما نصری سێ‌یەم)دا** لە رێگە سەختەكەی (راجا ، (Raga) و دەرگای (قەزوێن) موە بەرەو (تەبرێز)(٤) ملیـــان نابوو بەرەو دەوروبەری دەریاچەی ورمێ (ئورمیا) ، بەڵام (ئاراریتەكان – الاراریتون) بەربەنگی لێشاوی ئەو كۆچ‌كردنـــەیان دایەوەوە لە شـــوێن خۆیان‌دا رایان گرت(٥) .

ئاشوریەكان گەلێ جار پەلاماری ئەو وڵاتانەیان داوە كە ئەكەونە پشت شاخەكانی زاگرۆسەوە ، وە خۆ هەڵ‌كێشانێكی زۆریان دەكرد بەوەی كـــە گوایا لەكاتی گەڕانەوە یان‌دا تالانی‌و دەســـت‌كەوتێكـــی زۆریان لەگەڵ خۆیان‌دا دەهێنا . بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەبێ ئەوەش بزانرێ كـــە لەمە پشیان لەو وڵاتانە هەڵ نەچەرخان‌و پێش ئەوەی بگەنەوە وڵاتەكـــەی خۆیان دەستەلایتان بەسەر ئەو شوێنانەدا نەدەما(٦). كە (سەرجۆی ئاشوری) لە سالی (٧٢٢ پ . ز) دا چووە سەرتەخت لەو سەردەمەدا ئەم حاكمانەی خوارەوە لە شاخەكانی زاگرۆس‌دا حكمیان دەكرد :

١ – ئۆرسا (اورسا) كە خاوەنی وڵاتی (ئارارتۆ) بو .
٢ – مەتاتی (متاتی) كە خاوەنی وڵاتی (زگرتۆ) بو .
٣ – ئەیانزو (ایانزو) كە نازناوە واتە پاشا ، ئەمەش خاوەنی وڵاتی مەننائیەكان بو .

وە لە لەراستیا ئـــەم (ئەیانزۆ) یە هاوپەیمانی ئاشوریەكان بوو .

دووای ئەوەی (ئورسا) و (متاتی) پەیمانێكی دوو قۆڵیان لـــە دژ (مەننائیەكان) بەست ، بـە هەردووكیانەوە پەلاماریان بردە ســـەر وڵاتەكەیان‌و شوێنێكی زۆریان لێ داگیركرد . (ئەیانزو) كە بۆی دەركـــەوت بەرگری پێ‌ناكرێت پەنـــای بردە لای

(سرجۆن) . وه له سالی (٧١٨ پ . ز) دا سەرجۆن بەدەم هاواری مەننایئەکانەوەچوو ، وه یارمەتێکی زۆری‌دان ، ئەو شوێنانەی که لێ‌یان داگیر کرابوو هەمووی خستەوه ژێر دەسیتان . بەلام (ئەیانزو) پێش ئەم بەدەم هاتنەوەی سەرجۆنه مرد . لەبەر ئەوه (سرجون) له سالی (٧١٧ پ . ز) دا پادشایەتی تری له شوێنی دانا که ناوی (ئازا Aza) بوو ، بەلام (ئازا) دووای دوو سال له پەلامارێکدا که بردی بۆ سەر دوژمنانی بەندکرا . . ئەمەش‌دووایی‌ئەوەبوو که (ئورسا) و (متاتی) پەیمانێکیان لەگەل یەکێك له سەرۆکه ئێرانیەکان‌دا بەست که ناوی (بەگدتو Bagdattu) بوو ، ئەم سێ کەسه (بگدتو ، ئورسا ، متاتی) ئازارێکی زۆری (ئازا) یان‌دا ، و لەپاش‌دا پشتیان گرتو ، لاشەکەیان لەسەر شاخی (ساهند ـ یواش)(٧) هەلواسی .

(ئوللو سونو ـ اوللو سونو ullu sunu) که برای (ئازا) بوو لایەن سەرجۆنەوه کرا به جێگەداری ئازای برای. فەرمانڕەوای وولاتی مەننایی کەوتە ژێردەستیەوە و سەرجۆن توانی که (بگدتۆ) بگرێت وه لەو شوێنەدا که ئازای برای سەربرابوو ، سەری بگدتۆ ببرێت‌و پێستی لێ‌بکاتەوه .

پاش ئەوی (سەرجۆن) له پەلامارەکەیا بەرەو وولات گەڕایەوه ، (ئوللوسونو) لەگەل (ئورسا) که پاشای (ئارارتو) بووه ، (ئاشور لیئو) که پاشای (کرللا) بووەوه (ئاتی ـ اتی) که پاشای (اللابریا)(٨) . بو پەیمانی بەست لەسەر بناغەی بارمته دانان (الرهائن) که بریتی بو لەوەی (ئوللوسونو) دلسۆز ترین ئەندامی خێزانی خۆی به بارمته دانێ تا هاوپەیمانەکانی دلنیابن لەوەی که سووره لەسەر جێبەجێ‌کردنی ئەو مەرجانەی که لەسەری رێك‌کەوتوون بەلام هێشتا سالێك بەسەر پەیمانەکەدا (٧١٧ پ . ز) نەرۆیشتبو (سەرجۆن) گەڕایەوه بۆ تەمێ‌کردنی هاوپەیمانەکان . له ئەنجامی گەڕانەوەکەیدا (ئاشور لیئو) و (ئاتی) ی بەدیل گرتوو هەردووکیانی شاربەدەرکردن ، بەلام له (ئوللسونو) خۆش‌بوو .

له سالی (٧١٥ پ ز) دا (دەیۆکۆ) که فەرمانداری یەکێك له ناوچەکانی (مەننایئەکان)(٩) بۆ لەگەل (ئورسا) فەرماندەری ناوچەی (ئورارتۆ) پەیمانێکیان بەست ، (دیۆکۆ) یەکێك له کونه جگەرگۆشەکانی به بارمتەی جێبەجێ کردنی پەیمانەکه لای (ئورسا) دانا بۆ ئەوەی (ئورسا) دلنیا بکات .

لەبەر ئەنجامی ئەو پەیمانەدا (ئورسا) بیست‌و دوو گوند که دەکەونه ناوچەی (مراغه) ی ئێستەوه ـ له وولاتی (مەننایئەکان) داگیر کرد . هەروەها (دەیۆکۆ) ش لەبەرەی خۆیەوه هێرشی برده سەر وولاتەکه . سەرجۆن هەندێ له هاوینی سالی (٧١٥ پ . ز) به گەڕان به شوێن (دیۆکۆ) دا برده سەرەوه که دۆزیەوه ، دەستبەسەری کردو له شاری (حماة) له سوریه داینا .

بەلام وەنەبێ به دەرکردنی (دەیۆکۆ) ئاگری پەیمان خۆرەکان کپ کرابێتەوه . بەلکو (ئورسا) پاشای (ئورارتو) و (مەتاتی) پاشای (زگرتۆ) پەیمانه کۆنەکەیان دووباره زیندوو کردەوه . که (ئوللسونۆ) بەمەی زانی بۆ دووەم جار پەنای برده بەر (سەرجۆن) بەلام ئاشوریەکان له ئەنجامی‌هێرشه بەناوبانگەکەیان که به هێرشی هەستەم دەژمێردرێ بۆ سەر (میدیا) و (خلدیا ـ اورارتو) به تەواوی پەکیان کەوتبو . ئەوەی شیاوی باس‌لێوەکردن بێ‌ئەوەیه که (سەرجۆن) له کاتی چوونه ناو شاخەکانی زاگروسەوه توانی هەندێ میرنشین که هەبوون هەموویان لابیات بەلام که له قەلای (شینو خینو) نزیك بووەوه هەموو خەلکەکه پێشوازیان لێ‌کرد ، یەکێك لەوانه که پێشوازی لێ‌کرد پایەتەختی مەننایئەکان (ئیزرتو ـ ایزرتو)(١٠) بو . وه که پاشاکەی زانی سەرجۆن نزیك بووەتەوه خۆی‌و دەست‌و پەیوەندی‌و هەموو سەرۆك خێلەکانی چوون بۆ پێشوازی‌یەوه . ئاشوریەکان پێش ئەوەی روو به رووی دوژمنەکانیان راوەستن چەند میرنشینێك هەبوون هەموویان لەناوبردن ، ئەوجا هێرشیان برده سەر (ئورسا) خاوەنی وولاتی (ئورارتۆ) که وولاتەکەی خۆی لەسەر وولاتی (مانناینەکان) گەورە کردبوو که ئەوانیش دۆستی ئاشوریەکان بوون . له کۆتایی (سەدەی نۆوی پ . ز) دا (منواش Menuash) که پاشای (ئۆرارتۆ) ەکان بوو ، وولاتی مەننایئەکان له رۆخی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ (ئۆرمیا) تا رۆخی خوارووی داگیرکردبوو . وەکو شکێکی لەو شوێنەدا که ئێستەپێی ئەووترێ (طاش پته) دروست کرد . ئەم شوێنه له وەختی خۆیدا یەکەم شاری گەورەی (مزتا Mesta) بووه .

سەرجۆن هەموو دۆستەکانی (ئورسا) ی

پەرتو بلاوکردن ، وە لەپاشدا دەستی کێشا بەسەر هەموو شارەکانو قولەکانی ئەو وولاتەدا . لە شکری ئاشوریەکان نزیکەی بیست میلیان مابوو بگەنــــە پایتەختەکەی (ئورسا) کە شاری (تشبا) بوو وە ئەم شارە لە شوێنی شاری (وان) ی ئێستــــەدا بووە .. ئورسا هەموو لەشکرەکانی خۆی لـــەم شارەدا کۆکردبووەوە لە داخی ئەو شکاندنەی کـــە بەسەرخۆیو لەشکری هاوپەیمانەکانی داهات کـــە (زگرتیە) کان بوون ، لە داخا تووشی نەخۆشیکی خراپ بوو . کە (سەرجۆن) لێی نزیك بووەوە لـــە ترسا ڕای کردو دایە شاخ وە لەوێ خۆی کوشت . بەلام (سەرجۆن) نەچووە ناو شاری (وان) کـــە پایتەختی (ئورارتیە) کان بوو ، کەچی دەستی بەسەر هەموو شارەکانی (ئورارتیەکان) دا گرت کە هەموویان دەکەوتنە لای سەروی دەریاچەی وانەوە .

پەراوێزەکان (الهوامش)

١ ــ زاگروس : بەو زنجیرە شاخە دەگوترێ کە لـــە (ئارارات)ەوە درێژە دەکێشی تا ناوچـــەی خوزستان ، وە ئەم زنجیرە شاخانە تورکیا لە ئیران جیا دەکەنەوە هەروەها سنووری عیراق لە ئێران جیا دەکەنەوە .

٢ ــ ئورارتو (اورارتو ــ خلدیا) : ناوی ئورارتو لـــە (تەورات)دا هـــەیە بـــەناوی (ئارارات) . ووشەیــ ئورارتو ــ بۆ ئەو وولاتانە ـــەکار دەهێنرا کە دەکەونە دەوروبەری دەریاچـــەی (وان) .. ئەم ووشەیە پەرەی سەند تا نـــە (سەدەی هەشتی پ . ز)دا ئەو ناوچانەی کە لە چوار دەوری دەریاچەی ئورمیا بوون دووبارە بە ئارارات ناودەبران . هەنــدێ زانایان لایان وایە وولاتی ئورارتو وولاتی ئەرمەنیـــەکونەکان دەگرێتەوە .

٣ ــ بەلام ووشەی یەکـــەم دووەم بریتیبوون لـــە فارسەکانو میدیەکان .

٤ ــ تەبریز : پێش سەدەی نۆهەمی پ . ز شار نەبوو بەلکو بریتیبوو لە چەند گوندێك .. زۆر نزیکە ئەو گوندانەی ئەوسای پێش ئەو سەدەیە هەموو پەرەیان سەندبێو بووبن بە شـــاری تەبرێزی ئێســـــتە . ناوە زۆرەکانی شـــاری تەبرێز شوێنەواری ئەو گوندە زۆرانەیە کە ئێســـتە شارەکەیان لێ پێك هاتووە . تەماشای (سۆمر (١٩٤٩/٥)دا وێنەکەی لاپەرە ٢٤٠ ــ ٢٤١ بکـــە .

٥ ــ تەماشـــای گۆڤاری ســـۆمر (٥) بەرگی دووەم (١٩٤٩)ودا وێنەکەی لاپەرە (٢٣٠) بکە .

٦ ــ هەمان سەرچاوەی پێشو . لاپەرە ٢٢٣ .

٧ ــ ســـاهند (یواش) : یەکێـــك لەلووتکـەکانی پێدەگوترێ شاخی (یواش ــ دەرگا) زنجیرەیەك لەو شاخە بەرەو خواروو دەکشێت وەك خەتی دابەشکرنی ئاو وەهایە لە نێوان رووباری کرنجۆ karangu کە بەرەو رۆژهەلات دەکشیو لـــە نێوان رووباری (لێلانچـــای) کـــە بەرەو رۆژهەلات دەکشێ . بۆ ئەمە تەماشای (سۆمر (١٩٤٩/٥) وە داوێنەکەی لاپەرە (٢٣٥) بکە .

٨ ــ لەوانەیە کە (کراللاو اللابریا) دۆلی زەردەشتی ۆوروو خوارو بگریتەوە .

٩ ــ دەیۆکو (دیوکو) یەکێك‌بووە لەو حاکمانەی کـــە یەکێك لە ناوچەکانی (میدیا)ی حوکم کردووە ، گومانی ئەوەش دەکرێ کـــە حوکمی شـــاری (ئەکبتانا)ی کردێ .

١٠ ــ ئێزرتۆ (ایزرتو) : زۆربـــەی مێژووناسەکان لایانوایە ئیزرتۆ لە شوێنی شاری (ســـەقزی saqiz) ی ئێستەیە . سەرجۆن نەچووەتـــە ئەم شارە ، کەچی ســـەرچاوە مێژوییـــەکان وادەگەیێنین کە چووتە ئەم شارەوە تەماشای کتێبـــی (Assyria) لاپـــەرەی ٢٣٠ ــ ٢٣١ بکەن . دانەر olmstead .

سەرچاوەکان :

١ ــ گۆڤاری سۆمر مجلد (٥) بەرگی دووەم (١٩٤٩).

٢ ــ مێژووی ئاشوریەکان : دانەر ئۆلمستید (١٩١٢).

٣ ــ التاریخ الاثری القدیم یئیران دانەر : هرسفلد .

٤ ــ کتێبی (فارس) دانەر . جاکسون

٥ ــ کتێبی رۆژئاوای ئاسیا لە سەردەمی سەرجۆنی ئاشوریدا . دانەر ئۆلمستید ١٩١٨ .
A. T. olmstead's, western Asia in the Days of sargon of Assyria 1918.

٦ ــ اربیل فی ادوارها التاریخیە زبیر بلال اسماعیل النجف الاشرف ١٩٧١ .

٧ ــ المرشد الی مواطن الاثار . طە باقر . المرحلە الخامسە بغداد ١٩٦٥ .